هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم
هونەری

إقليم كردستان / العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة لمرور اقليم كوردستان
الفنية

Kurdistan Region Government
Council of ministers
Ministry Of Interior

ژمـــاره : ٧٣٥٥
ڕێکەوت : ٧ / ١٠ / ٢٠٢٠ / ٢٧٢٠ کوردی

NO :
Date : 2020 / 9 /

بۆ/ گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆی پارێزگاکانی هەرێم ( هەولێر )

بابەت / ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠

***************

هاوپێچ وێنەیەک لەنوسراوی وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان/بەشی کارگێڕی ژمارە (١٥٠٦٢ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨) لەگەڵ هاوپێچەکانی ڕەوانە دەکەین سەبارەت بە ڕێنمایی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ناوەڕۆکەکەی جێ بەجێ بکرێت و کاری پێویست ئەنجام بدەن تکایە .

هاوپێچ

*****

وێنەیەک لەنوسراوی سەرەوە

هاوپێچەکانی

لیوا

عبدالقادر عزیز ابراهیم

بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم

٢٠٢٠/٩/

وێنەیەک بۆ//-

********

- وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان/بەشی کارگێڕی/نوسراوتان لەسەرەوە بۆ زانین لەگەڵ ڕێزماندا .
- گشت هۆبەو بەشەکانی بارەگا ( ) بۆ زانین و کاری پێویست .
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی (سۆران ، گەرمیان ، ڕاپەڕین ) بۆ زانین و هەمان مەبەستی سەرەوە تکایە .

ریکان

ژمارە : ١٥٠٦٢
ڕێکەوت : ٦ / ٧ / ٢٧٢٠ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٠ / ٩ / ٢٨

## ڕێنمایی ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠٢٠

### ڕێنمایی هاوردە کردنی ئۆتۆمبیل

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:**

### مەرجە گشتییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ئەو مانایانەی کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١- **هەرێم:-** هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **وەزارەت:-** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ:-** بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان.

٤-**بڕوانامەی (COC)** :- مەبەست لێی ئەو بڕوانامەیە کە لە لایەن کۆمپانیای تایبەتمەند بەپێدانی ئەو بڕوانامەیە دەدرێت و تێدا دیاری دەکات کە ئوتومبێل بە پێی ستاندەرەکانی کۆمپانیای دروستکەرە و هەر کەم کوڕییەکی هەبێت تیایدا دیاری دەکات .

٥-**ئۆتۆمبێلی (سفر) کیلۆمەتر** :- ئەو ئوتومبێلەیە کە لە ١٠٠ کیلۆمەتر زیاتر نەڕۆیشتووە و بە پێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردە کراوە.

٦- **ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو:-** ئەو ئوتومبێلەیە کە لە زیاتر لە ١٠٠ کیلۆمەتر ڕۆیشتووە و بە پێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردە کراوە.

٧- **ئۆتۆمبێلی هەجین** :- ئەو ئوتومبێلەیە کە بە دوو جۆر سووتەمەنی کار دەکات، بە کارەبا و سووتەمەنی بەنزین یان گاز یان غاز .

٨-**ئۆتۆمبێلی سالفج(salvagc)** :- ئەو ئوتومبێلەیە کە لەو وڵاتەی بەکارهاتووە تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووە یان دزراوە، و کۆمپانیای دڵنیایی قەرەبووی خاوەنەکەی کردۆتەوە و دواتر فرۆشراوەتەوە بۆ هەناردەکردن و هیچ کام لەو کەم و کوڕیانەی کە لە ماددە ی ( شەشەم ) ئاماژەی پێدراوە تێدا نیە.

**ماددەی دووەم:**

مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلومتر و ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووە بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی ئەو ستانداردانەی لەم ڕێنماییە دیاری کراون بە مەبەستی هاوردەکردنی ئوتومبێلی گونجاو و سەلامەت و هەبوونی مەرجەکانی کوالێتی و توندوتۆڵی لە ئۆتۆمبێلی هاوردە کراو ، و چالاك کردنی بازرگانی ئۆتۆمبێلە لە هەرێمی کوردستان.

**مەرجە گشتییەکانی هاوردە کردنی ئۆتۆمبێل**

**ماددەی سێ یەم :-**

١. ئۆتۆمبێل دەبێت بە لایەنی کەم دوو (ئێرباگ) لای شوفێر و تەنیشت شوفێر و سیستەمی (ABS)ی هەبێت.
٢. بڕوانامەی (COC) لەگەڵدابێت ، وەدەکرێت لە دەروازەی سنووری لە لایەن کومپانیاکانی کوالێتی بڕوانامەی (COC) پێ بدرێت.
٣. ئۆتۆمبیلی جۆری پاص لە (١٤) نەفەر بەرەو سەرەوە مەرج نیە (ئێرباگ)ی هەبێت.
٤. ئۆتۆمبیلی کلاسیك دەبێت بە لایەنی کەم (٤٠) ساڵ بەسەر دروست کردنی تێپەربووبێت و دوای تۆمارکردنی هیچ کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت.
٥. هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی خوار مودێل تەنیا لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ و وەزیری دارایی و ئابووری دەبێت و کار بە هیچ نوسراوێك ناکرێت کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ نەبێت.
٦. هێنانە ژوورەوەی ئۆتۆمبێلی قەلغان (درع) تەنها لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆیە.
٧. ئۆتۆمبێلی کارەبا بە ڕسوماتی (٤) پستون تۆمار دەکرێت.
٨. ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی و بیناسازی (الزراعیە و الإنشائیە) مەرج نیە ئێرباگی هەبێت.
٩. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم تەنیا بە ژمارەی میری تۆمار دەکرێن و ناکرێت خاوەنداریتی بگوازرێتەوە جگە لەوانەی کە بە پێی یاسای ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦ دەفرۆشرێت ، یان هەر یاسایەکی تر جێگای ئەو یاسایە بگرێتەوە.
١٠. ئۆتۆمبێل دەبێت لە (١٠٠) کیلۆمەتر زیاتر نەرۆیشتبێت کاتێك دەگاتە دەروازە سنوورییەکان.
١١. ئۆتۆمبێلی ستێرن لایی ڕاست یان (محور) داخل ناکرێت و تۆمار ناکرێت.

**ماددەی چوارەم :-**

هەڵە لە مەنەفستی ئۆتۆمبێل لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرکی پارێزگاکان ڕاست دەکرێتەوە.

ژمارە: ٦٢-١٥ NO :

ڕێکەوت: ٦ / ٧ / ٢٧٢٠ کوردی DATE: ٢٠٢٠/٩/ ٢٨

---

ماددەی پێنجەم :-

١. هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی دوو مودێل (کۆن)تر لە مودێلی سال ڕێگەپێدراوە تا (١١/١)ی هەموو ساڵێك.

٢. تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی ساڵی نوێ لە (٩/١)ی هەموو ساڵێك دەست پێ دەکات و بەڕێوەبەرایەتیەکانی گومرك بۆیان هەیە ئۆتۆمبێلی مودێل نوێ لە ٢٠٢٠/٦/١ گومرك بکەن و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ ئەو ماوەی نێوان داخل کردن و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل لە ماوەی یاسایی تێپەڕی کە (٦٠) رۆژە بە بەخشین ئەژمار دەکرێت بە مەرجێك لە هەموو حاڵەتێك تۆمارکردنی لە مانگی (٩) تێپەر نەکات بە پێچەوانەوە ئەو ماوەی بەخشینەش بە سزای دواکەوتن بۆ ئەژمار دەکرێت.

٣. ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە چوار تەن زیاتر (١٠) مودێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٤. ئۆتۆمبێلی پاص لە (٢٠) سەرنشین زیاتر (١٠) مودێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٥. ئۆتۆمبێلی ئامێر (انشائیە ، زراعیە) (١٥) مودێل کۆنتر لە مۆدێلی ساڵ داخل دەکرێت.

٦. ئۆتۆمبێلی کەرەڤان (موتورهۆم) واتە مەکینە و کەرەڤانەکەی یەك یەکە بێت داخل دەکرێت ، (١٥) مودێل کەمتر لە مودێلی ساڵ ڕێگەپێدراوە و هاوشێوەی پاص گومرك دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە ژمارەی تایبەت و بە رسوماتی (استیشن) تۆمار دەکرێت بە پێی ژمارەی پستون.

٧. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە نێوان ماوەی داخل بوونیان لە دەروازەی سنوری و تومارکردنیان تووشی ڕووداوی هاتووچۆ دەبن، بە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند و بە پێی هێلکاری شوێنی ڕووداو (مخطط محل الحادث) کە لە لایەن ئەفسەری هاتووچۆ ئەنجام دەدرێت تۆمار دەکرێن دوای چاککردنەوەیان بە مەرجێك بە پێی مەرجەکانی ئەم بەیانە هاوردەکرا بن.

مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو

ماددەی شەشەم :

ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت ئەم کەم کوڕیانەی خوارەوەی نەبێت :

١. ژێرناو کەوتوو و سووتاو و بڕاوە نەبێت.

٢. شاسی بڕاوە یا لەحیم کراو یان خوار نەبێت .

٢. توکمەی دەرگا یان بانی بڕاوە یان لەحیم نەبێت، یان لێدروا نەبێت بە شێوەیەك کە کاری کردبێت لە شاصی و خواری کردبێت یان ئێرباگی تەقاندبێت.

٤. هەر دوو ئێرباگی شوفێر و تەنیشت شوفێر تەتەقی بێت واتە لە سیستەمی کۆمپانیای دروستکەر کار بکات و تووشی تەقین نەبووبێت و چاککرا بێتەوە.

٥. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ٢٠٢٠/١/١ داخل کراون و ئێرباگیان تەقیوە بەڵام چاك کراوەتەوە داخل دەکرێن و تۆمار دەکرێن تا ٢٠٢٠/١٢/٣١ و دوای ئەم بەروارە برگەی (٤)ی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی حەوتەم :-**

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ڕاپورتی (CAR FAX) یان هەر ڕاپورتێکی تری هاوشێوە دەستەواژەی (MinorDamage) یان تێدا هاتووە یان (salvage سالفیج) داخل دەکرێن بە مەرجێك دەبێت هیچ کام لەو کەم و کوڕیانەی ماددەی شەشەمی سەرەوەیانی نەبێت.

**ماددەی هەشتەم :-**

١. ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە هاوردە دەکرێن لە وڵاتانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، مەکسیك) دەبێت ڕاپورتی (کار فاکس)یان بۆ بکرێت.

٢. ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەو وڵاتانەی کە سیستەمی (کار فاکس) پەیڕەو ناکرێت، داوای ڕاپورتی ئەو وڵاتە بکرێت کە کاری پێدەکرێت و دواتر لە دەروازە سنوورییەکان پشکنینی کوالیتی بۆ بکرێت.

٣. بڕوانامەی COC بۆ ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو دەبێت لەو وڵاتەی کە لێی هاوردە کراوە بۆ هەرێم بۆی بکرێت نەك لە خالە سنوورییەکان.

٤. ڕاپۆرتی (CAR FAX) یان هەر ڕاپۆرتێکی تر تایبەت بە ئۆتۆمبیلی بەکارهاتوو وەك ڕێبەرێك (دلیل) بەکار دێت لە لایەن کۆمپانیاکانی پشکنینی کوالێتی بۆ پێدانی بڕوانامەی (COC) ، و ئەگەر لە نێوان ئەو ڕاپۆرتانە و ڕاپورتی (COC) ئۆتۆمبیل جیاوازی هەبێت ئەوا پشت بە بڕوانامەی (COC) دەبەسترێت، و دەبێت ڕاپورتی کارفاکس یان هاوشێوەکانی هاوپێچی بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو بکرێت.

٥. ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ کاری پۆلیس و تاکسی و کۆمپانیاکان بەکارهاتووە ڕێگایان پێ دەدرێت هاوردە بکرێن بەو مەرجانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

٦. ئۆتۆمبێلی کلاسیك ، زراعی ، انشائیە پێویست نیە لەو وڵاتەی کە لێی هاوردەکراوە بڕوانامەی (COC) بۆ بکرێت، تەنها لە دەروازە سنوورییەکان پشکنین بۆ دەکرێت و بڕوانامەی (COC) لە لایەن کومپانیاکانی کوالێتی لە دەروازەی سنووری پێ دەدرێت .

ماددەی نۆیەم :-

١. بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان پابەندن بە تۆمارکردنی سەرجەم ئۆتۆمبیلە هاوردەکراوەکان بە پێی ئەم ڕێنماییە.

٢. لێژنە هونەرییەکانی کە بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٣٥٩٥) لە ٢٠١٩/٨/٨ پێک هێنراون پشکنینی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە ئەم بەیانە هاتووە دەکەن وەدەبێت هەر (٣) مانگ جارێک لیژنەکان بگوردرێن.

## ئەحکامە داراییەکان

ماددەی دەیەم :-

بڕی (٢٥,٠٠٠) بیست و پێنج هەزار وەردەگیرێت لە کاتی پشکنینی ئۆتۆمبیل لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە مەبەستی دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی ماددەکانی ئەم ڕێنماییە و دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

ماددەی یانزەیەم :

یەکەم: ئەگەر کۆمپانیاکانی پشکنینی کواڵیتی پابەند نەبن بەم ڕێنماییە سزای پێبژاردن دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بۆ جاری یەکەم بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) تەنها پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.
٢. بۆ جاری دوووەم بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها دە ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.
٣. بۆ جاری سێیەم بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها سی ملیۆن دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.
٤. هەر جارێکی دیکە کە دووبارە ببێتەوە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) تەنها بیست ملیۆن دیناری دیکە دەخرێتە سەر دوای سزای پێشووتری کە دراوە بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.
٥. ئەو بڕە پارانە دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەپێی پسوولەی ژمێرکاری (أ/٢٧) وەردەگیرێت وەك داهاتی کۆتایی سەر گەنجینەی هەرێم تۆمار دەکرێت.

دووەم:

١. ئەگەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئۆتۆمبێل هاوردە بکەن و بهێننە ناو هەرێمی کوردستان ئەوا پێبژاردنیان پێ دەکرێت بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیون دینار بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک.
٢. ئەو بڕە پێبژاردانەی بڕگەی (١)ی سەرەوە دەخرێنە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

ژمارە : ١٥٠٦٢
NO :

ڕێکەوت : ٦ / ٧ / ٢٧٢٠ کوردی
DATE: ٢٠٢٠ / ٩ / ٢٨

سێ یەم:

ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێچەوانەی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە هاوردەکراون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە هەرێم دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو دەروازەی کە لێی هاوردەکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیا یان لایەنی هاوردەکەر.

**ماددەی دوانزەیەم :**

هەر ئەفسەرێك یان کارمەندێکی هاتووچۆ یان پۆلیس یان فەرمانبەری شارستانی کە تایبەتمەندن بە پشکنین و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل کەمتەرخەمی بنوێنێت یان چاوپۆشی بکات لە جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەم ڕێنماییە ئەوا بە پێی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ و یاسا بەرکارەکان لە هەرێم لە لایەن وەزارەتی تایبەتمەندەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

## ئەحکامە کوتاییەکان

**ماددەی سیانزەیەم :-**

١- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچووتی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ئۆتۆمبێلانە دەگرێتەوە کە لە دوای ٢٠٢٠/١/١ هاوردەی ناو هەرێم کراون لە ڕێگای دەروازە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان

٢. کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیانێك و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ.دیوان/ بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی داد/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ب.گ.گومرگ/ بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا...